
شیعر



نەوزاد ڕەفعەت

# دەرگای میهر

بەرەبەیان
پاش شەوبێداری و گینگڵ دان
پاش خواردنەوەی کووپەیەک ژان
بەدەم کڕنووش و نزاوە
ئەو چاوەم بەرز هەڵبڕی
هێشتا خوێناوی تێزاوە
دەستی لەرزۆک و بەتاڵم
تەق... تەق... تەق... تەق
قاپیی نوور و میهری کوتا
گوتم: «هۆ! خودان سەولەجان
ئەی تاقەشا
جگەری نەهێشتین پەتا
ها تەماشا
نەیارانی هەق و خێر و جوانی- ش چرای



کۆشکی خەوەرنەقیان گەشە
دالْپەرستە خاکخۆرەکانیش ئەستێرەی
بەختیان بەگرشەشە.»
هەردووک لەپم پان کردەوە
دادم ویست داد
لە پڕ دوو باڵی دامە دەست
دوو باڵی ئەفسوونی
باڵی هەڵبەست
فەرمووی: «نەوزاد
هی ئەوان زوو بەسەر دەچێت
بڵقی زۆنگاوە هەڵدەچێت
گەنجینەکان
حەمامۆکیی منداڵانن
نووکە پێڵاوی زەمانە تێکیان دەدات
خەلە و خەرمان
گەردەلوولی مەرگ دەیخوات
هی تۆش باڵی نەمرییە
تەنیا فڕینی تۆ تاجی سەروەرییە.»
٢٠٠٨/٨/٢٨

